# هەڵبجە ئەچێ بۆ بەغدا

پێیان بڵێ.. بەو نزیکانە
هەر لە ڕێگەی ئاسکەکانی دەشتی شێروانەوە
هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا و
لە قوڵێنەی گەواڵەی هەورێکی سپیدا و
لە گەڵ خۆیدا پێنج هەزار پە پولەیش ئەبا.
هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا.
وەختێ ئەگا، دیجلە لەبەری هەڵئەسێ و باوەش بەناو قەدیا ئەکا و
دەست ئەبات و کڵاوەکەی جەواهیریی لە سەر ئەکا.
بە گمەگم دوو جوت کۆترە شینکەی نەجەف دێن و لەسەر شانی ئەنیشنەوە و
هەر لەوێدا دار زەیتون و دار چنار و دار خورما ئەیکەن بە سەما.
لە دیواری کۆنکرێتی جەوادەوە ئەسپەشێ دێتە دەرەوە و
پڕ بە پایتەخت ئەحیلێنێ و خۆر بەر ئەبێ و بارانی پرشنگ دائەکا.
هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا.
گوڵی هەنار کاڵایەتی و قەڵبەزەیەکی ئەحماوا باڵایەتی و،
وەختێ ئەگا. ئەبو نەواس لەسەر سەکۆ دێتە خوارێ و
لە گوڵ هەنار و قەڵبەزە بادەی تازە دروست ئەکا،
یەکەم پەرداخ حسەین مەردان لێی وەرئەگرێ و هەر بە یەك بین هەڵێئەدا.
دوای ئەو ڕوشدی قژی بژە و بۆینباخ خوار، دێتە پێشێ و
تا ئەتوانێ "باخی عەلی" و خۆی مەست ئەکا.
هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا.
کاتێ ئەگا. حوصەیری وەك جاری جاران
بوتڵی مەیەو چاکەتی بەر داکەوتووە و سور بۆتەوە و
لە بەردەمی پەیکەرەکەی ڕەصافیدا هەر لەترەداو نیوەلاڵە و

بە عەمودیی جنێو بە کوڕەکەی صەبیحە و بە مەدرەسەکەی عەفلەق و

بە دوو ژمارەی حەڤدە و سی و جنێو بە عەرش و قورش ئەدا!

هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغداو

سەرنج ئەدا، حەیدەرخانە گەنج بۆتەوە،

نێرگەلەکان، سەماوەر و قۆری و پیاڵەی کەمەر زەڕلی،

چایخانەکەی حەسەن عەجمی، لەسەر وەجاغ و ڕەفەوە ، دائەبەزن و دێنە

سەرجادەی ڕەشید و ئەزرنگێنەوە یەك یەك و هەڵئە پەڕن لە خۆشیاندا،

سەرنج ئەدا، هەردوو سدارەکەی گوبا نجی و عەلیلوەردی

ئەویان بەباڵی مەقام و ئەمیان بە باڵی بیری نوێ، دوو کوکوختی

هەڵفڕیون و بەسەر قوبەی پیرۆزی شەناشیلدا ئەخولێنەوە و

پێئەکەنن لە ئاسماندا.

هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا.

بە شۆڕیجەدا ڕەت ئەبێ، لەشی بۆنی حێڵ و دارچینی و میسك ئەگرێ.

ماچی فەیلی، دەورەی ئەدا لە پاش تۆزێ ماچەکان ئەبن بە هەنگ و باڵای

هەڵە بجە بە شانە و، ئازادی دێ و، هەنگوین بەسەر هەمواندا دابەش ئەکا.

هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا و

بەر لە بەغدا لە شارەبان ئەوەستێت و لەناو باخی پرتەقاڵدا،

دوا پارچەی جلی گریانی فڕێ ئەدا. ئەوسا ئیتر پرتەقاڵی

قژ نارنجیی، لە ناو پەرژینی مۆردەوە، کراسێکی ئاودامانی

لە گوڵی خۆی بۆ ئەهێنێ و.. هەڵە بجە جلی هەتاو و، هەڵە بجە

جلی کەڕنەڤاڵ لەبەر ئەکا و ئینجا ئەڕوا..

هەڵە بجە ئەچێ بۆ بەغدا!

سلێمانی

2003/3/14